


## لەرۆژی دادگاییکردنی سەدام ودارودەستەکەی لەسەر تاوانی ئەنفال

# بارانی بەخوڕی ئەسکەندەناڤی
# دڵی گەرمی بەشداربووانی سارد نەکردەوە

ڕۆژگارێک بوو جەستەی خاکی کوردان وەک بێژنگ بە گولەو تۆپ دائەبێژرا، بە چەکی کیمیایی ژەهراوی ئەکرا، کوردان گروپ گروپ بەرەو دۆزەخی مەرگ ئەبران، ماددەی کوشندە لەسەر جەستەی ئێمە تاقی ئەکرایەوە. چاوی دونیا کوێر بوو، گوێی میدیاکان کەڕبوون . کەس گوێی لە داد وزریکەی ئێمە نەبوو، ١٨٢ هەزار مرۆڤ بێسەروشوێن کران، بەشێکیان زیندە بەچاڵ کران، بەشێکیان وەک مەڕومالآت لە بازاری وڵاتانی عەرەبی بە پێی شەرعی بیابان مەزاد کران، هەموو ئەم کوشت و کوشتارەش ناوی ئەنفال بوو.

ئەمڕۆ سەرکردەکانی ئەنفالچیان لەبەردەم دادگا ڕووبەڕووی تاوانەکانیان ئەکرێنەوە. بۆ یەکەم جارە لە مێژووی کوردا هەموو میدیاکانی جیهان گوێبیستی تاوانەکانی دژ بە کوردن و لە مانشێتی ڕۆژنامەکانیاندا ناوی ئەنفال وکوردو کوردستان بە گەورەیی نووسراوە. کوردان لە کوردستان و دەرەوە خەڵکی مرۆڤ دۆستی بیانی ودۆستانی کورد لە جیهان بە شێوەی جۆراوجۆربۆ پشتیوانی کردن لە دادگاییەکە و دەربڕینی خۆشحاڵیان بۆ ئەم ڕۆژە مێژووییە چەندین چالاکی جۆراو جۆریان ئەنجام دا.

لە ڕۆژی دادگاییەکە ٨/٢١ لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید ناوەندی چاک بەهاوبەشی دەیان پارت و ڕێکخراوی کوردستانی خۆپیشاندانێکی سازکرد نزیکەی ٢٠٠ کەس بەشدارییان تێدا کرد . بارانی بە خوڕی ئەسکەندەناڤی دڵی گەرمی بەشداربووانی سارد نەکردەوە، بە پێچەوانەوە موژدەی ئایندەی ڕوونتری پێ ئەبەخشین ئێمەش بۆ خوێندنەوەی هەستی خۆپیشاندەران ئەم ڕیپۆتاژەمان ئامادە کرد .

ڕیپۆتاژو فۆتۆ/ ڕوناک شوانی- ستۆکهۆڵم



**ئینگەر ستڕۆم ( ئەندام پەرلەمانی یەکیەتی ئەوروپا«EU» کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لە سەر لیستی سۆسیال دیموکراتی سوید ) :**

## ئەمرۆ دۆزی کورد کەوتە سەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆی

پاش چەندین ساڵ لە کوشتنی خەڵکی بێتاوان و ئەو کارەساتانەی کە بەسەر ئەو خەڵکەدا هات تەنها لەبەر کورد بوون، لەئاکامدا دیکتاتۆر و هاوکارانیمان بە چاوی خۆمان لە قەفەزا بینی لەسەر ئەنفال دادگایی ئەکرێن، ئەمرۆ دۆزی کورد کەوتە سەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆی، کورد دەستی کرد بە ڕاست کرنەوەی مێژوو بەرامبەر بە پرسەکەی بۆیە ئەبێ ئەم هەلە لە دەست نەدەن و بیقۆزنەوە . پێویستە دەوڵەتی عێراق تەنها بەوەوە نەوەستێ کە سەدامی دیکتاتۆر ئیعدام بکا و لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە داوی لێبوردن لە کورد بکا بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کارەساتانە جارێکی تر دووبارە نەبنەوە هەنگاوی دووەم ئەوەیە کە هەموو شوێنە وێران کراوەکان دروست بکریتەوە و قەرەبووی زیان لێکەوتوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە وناوچەکانی تری کوردستان بکرێتەوە، ئەوەی کە ئێستا ئەکرێ شتێکی زۆر کەمە . ئەبێ ئەو وڵاتانەش کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە ئەوە تێبگەن کە چارەسەرییە کۆنەکان ئەمرۆ ئیتر ڕیگە چارە نییە بەڵکو پێویستە بە دوای ڕێگە چارەی دووربینانەتر بگەڕێن و ڕێز لە مافەکانی کورد بگرن .

**ئیڤا یۆنگ باری:**

ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە ئارەزووی هەموومان بوو. گرنگ ئەوەیە کە دیکتاتۆر و هاوەڵەکانی ڕووبەڕووی هەموو ئەو تاوانانە بکرێنەوە کە کردویانە و هیوادارم قورسترین سزای یاسایی بدرێن بۆ ئەوەی ببنە نموونە بۆ هەموو دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە . حکوومەتی عێراق ئەبی بیر لەوە بکاتەوە کە قەرەبووی زیان لێکەوتوان و کەس



**ئیڤا یۆنگ باری ( ئەندام پەرلەمانی سوید لەسەر لیستی پارتی پارێزگارانی سوید ( مودێرات) بەرپرسی کۆمسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان)**

## هیوادارم سەدام و هاوەڵەکانی قورسترین سزای یاسایی بدرێن

وکاری قوربانییەکان بکاتەوەو ڕێز لە مافەکانی کورد بگرێ، باشتریش وایە کە لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی ناوچەکە کوردستان وەک هەرێمێکی فیدڕاڵی سەربەخۆ لەناو عێراقدا بمێنێتەوە و مافەکانی هاووڵاتی کورد پارێزراو بێ.

**ئارام:**

## پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێم ئەبێ زۆر بە پەرۆشتر لە میللەت لەگەڵ کەیسی ئەنفال مامەڵە بکەن

من چوار کەس لە خێزانەکەم ئەنفال کراوە،توخوا هەموو قسەکانم بڵاوبکەنەوە، ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانمە . لەبەر ئەوەی کوردی باشوور لە ناو سنووری وڵاتی عێراقدا ئەژی و بە عێراقی دائەنرێن بۆیە ئەبێ دەوڵەتی عێراق داوای لێبوردن لە میللەتی کورد بکا بۆ ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە کورد کراوە لە ئەنفال و کیمیاباران . مرۆڤ کوشتن گەورەترین تاوانە بەڵام کارەساتی دوجێل بە بەراورد لەگەڵ کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە وەک ئەوەیە سەدام چووبێ لە دوجێل لە ڕیستۆرانێ ژەمێ نانی خواردبێ بۆچی سەدام و دارودەستەکەی بەو هەموو بەڵگەو دیکیومێنتانەوە کە هەیە یەکەم دادگایی لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە دادگایی نەکرا پێویستە پەرلەمانی کوردستان وحکوومەتی هەرێم زۆر بە پەرۆشتر لە

میللەت لەگەڵ کەیسی ئەنفال مامەڵە بکەن ئەو سەرەک جاش و تاوانبارانەی کە لە تاوانی ئەنفال بەشدار بوون و دەستیان بە خوێنی میللەت سوورە ئەمڕۆش وەک هاڕون و قارون خۆشترین ژیان ئەبەنە سەر وهەر خەریکی خۆ دەوڵەمەند کردنن و لە سایەی حکوومەتی هەریم حەواونەتەوە بکێشرێنە بەر دادگای میللەت و سزا بدرێن .



**حەمە دۆستان ( نووسەر ):**

## ئەنفال هیچی لە هۆلۆکۆست کەمتر نەبوو

**حەمە دۆستان:**
لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەنفال گەورەترین خاڵی ڕەشە بە ناوچەوانی مرۆڤایەتییەوە، لە ئەنفالا ١٢٨ هەزار کەس کوژرا هەروەها لە هەڵەبجە پێنج هەزار کەس لە چەند خۆلەکێکا بە چەکی کیمیایی کوژرا بێئەوەی هیچ کەس ناویان بێنێ، ئەوە تاوانێکی بێ وێنەیە، ئەنفال هیچ لە هۆلۆکۆستی جوولەکە کەمتر نەبوو، هەردوکیان بە تاوانی جینۆساید ئەژمێردرین، جوولەکە بەو کەیسەوە ناوی خۆی و پرسەکەی بردە مێژووەوە و بەکاری ەەهێنێ بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی خۆی، کوردیش ئەبێ سوود لە ئەزموونی میللەتانی تر وەرگرێ .

**هەندرێن:**
بە بڕوای من ئێمە نابێ کێشەی ئەنفال لە ئاستی لە سێدارەدان و نەدانی سەدام کورتبکەینەوە، چونکە ئەم کێشەیە تەنیا پەیوەندی نییە بە خودی سەدامەوە بەڵکو وێڕای مێژووی شۆڤینیانەی دەوڵەتی عێراق بەندە بەسەرتاپای سیستەمی ڕژێمی بەعسی شۆڤینی کە وەک ڕژێمی دیکتاتۆری یەکێک لە پرۆژەکانی سڕینەوەی نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوەکانی تر بوو. بۆیە ئەگەر سەدام لەسەر کێشەی دوجێل لە سێدارە بدرێ یان نەدرێ نە برینی



**هەندرێن ئەحمەد ( نووسەر ):**


## کورد دەبێ بتوانێ پێناسەیەک بۆ گوتاری نەتەوایەتی خۆی بەرهەم بهێنێ

ئەنفال ساڕێژ دەبێ و نە کێشەی کوردیش لەگەڵ ئەو پاشخانە شۆڤینییەدا کۆتایی دێت.
بۆیە لە ئێستاوە دەبێ لەوە بگەین کە ئامانجی دادگایی کردنەکە تەنیا سزادانی ئەو تاوانبارانە و قەرەبووکردنەوەی ماڵی و مەعنەوی دەڤەر و خەڵکە ئەنفالکراوەکان نییە هێندەی دادگاییکردنی ڕەگ و ڕیشەی ئەو ئەقڵ و بیرکردنەوەیە کە سەرتاپای دام و دەزگای ڕژێمی بەعسی فاشی پیادەکاری بوو. سەدام دادگایی بکرێ یان نەکرێ خۆی مردووە چونکە ئەو چیتر دەسەڵاتدار نییە. ئەوەی دەبێ دادگایی بکرێ یان نەکرێ خۆی مردووە چونکە ئەو چیتر دەسەڵاتدار نییە. ئەوەی دەبێ دادگایی بکرێت خودی ئەو سیستەمە و ئایدۆلۆژییە شۆڤینی و بە دژە کوردییە کە لە هەناوی مێژووی ڕژێمی عێراق و بیرکردنەوەی مێژووی دەوڵەتی عێراقدا ڕیشاوێژە. یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی کە کورد دەتوانێ لە کەیسی ئەو دادگاییکردنە سوودی لێوەرگرێ. خۆناساندنیەتی بە واتا بتوانێ پێناسەیەک بۆ (گوتاری نەتەوایەتی) خۆی بەرهەم بهێنێ، هاوکاتیش بتوانێ پێناسەیەکی کوردیانە بە خودی چەمکی «جینۆساید/کۆکوژی» ببەخشێ. چونکە ئێمە دەزانین دوای قڕکردنی جوولەکەکان لە ڕۆژئاوادا ئەو دەستەواژەیە پێناسە کراوە، بەڵام «جینۆساید/ قڕکردن»ی کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە لەو ڕژێمەدا خودی جاش و هەڵەپاسی کورد لەو تاوانە بەشدارییان کردووە. هەروا قڕکردنی کورد سەرچاوەکەی لە گوتارێکی پان عەرەبییەوە هەڵقووڵاوە و بە پاڵپشتی خودی ئایین ڕەوایەتی پێدراوە، کە کوردیان وەک نەتەوەیەکی «دوژمن» و «کافر» وێناندووە. کەواتە یەکێک لەو ڕەگەزە بنەڕەتیانەی کە ئەو گوتارە پان-عارەبییە هەڵگریەتی قڕکردنی نەتەوەی کورد بوو، چونکە ئەو گوتارە شۆڤینییە خۆی

لەسەر «جیاوازی» دروستکردووە، بۆیە یەکێک لە پرۆژەکانی ئەو گوتارە قەومییە کوشتنی ئەو جیاوازییە بووە کە کوردە. ئەمەش لەبەر ئەوەی بە هەڕەشەیەک لەسەر خۆی دەیبینێ.

لێرەوە کورد بە لای کەمەوە دەبێ لە ناوەندی سیاسی و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکانی جیهانییەوە گەرانتییەکی مۆرکراو و تۆمارکراو بەدەست بهێنێ، کە لەمەودوا دەبێ مافە نەتەوایەتی و مرۆڤایەتییەکانی لە هەموو پارچەیەکی کوردستاندا، ئەرکێکی بنەڕەتی ئەو ڕێکخراوە جیهانییانە بێت، هەروا کورد لەگەڵ ئەو دادگاییکردنە دەتوانێ ڕەوانبێژی گوتاری نەتەوایەتی بۆ خودی خۆی و «ئەویتر» بەرجەستە بکاتەوە، ئەمەش بەوە مەیسەر دەبێ کە کورد بتوانێ بە فەرمی لە کۆی ناوەندە سیاسیی و مرۆڤایەتییەکانی جیهان و سەرتاپای جیهانی ئیسلامیدا وەک نەتەوەیەکی جیاواز کە مافی خۆیەتی هەر کاتێک بخوازێ دەوڵەت ڕابگەیەنێ.

بەڕاشکاری دەبێ کورد ڕەزامەندی هێزە باڵادەستەکانی جیهانی بەدەست بهێنێ، کە مافی خۆیەتی بۆ ئەوەی سەروەری خاکەکەی بپارێزێ، خاوەن دەوڵەتی خۆی بێ. لێرەدا حەز دەکەم ئەوەش بێژم کە کورد لە پرۆسەی ئەو دادگاییکردنەوە دەتوانێ خۆی دادگایی بکا. لەوێشەوە کورد دەتوانێ لەو ڕەوانبێژییە لاوازەی ڕزگاری بێ کە لە چرکە ساتە وەرچەرخێنەرەکاندا ناتوانێ پێناسە کوردییەکەی ڕابگەیەنێ، واتا کورد لە ئاستی خۆیدا قسە بۆ قسەکردن دەکا ئەم جۆرە ڕەوانبێژییەش لە توانایدا نییە ڕێگایەک بۆ گفتوگۆکردنێکی هاوئاهەنگ بدۆزێتەوە، کە لەوێوە بتوانێ بیرۆکەیەک بۆ خودبەرجەستەکردنەوە بەدەستبهێنێ.



**پەریزاد شەعبان ( نووسەر و ڕۆژنامەنووس )**

**پێویستە کورد دۆزی ئەنفال وکەیسی ئەم دادگاییە بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربێنێ**

**پەریزاد شەعبان:**

ئەم دادگاییەی دیکتاتۆری ترسنۆک کە ئەمڕۆ ئەیبینین زۆر زەلیلانە لە ناو قەفەز دانیشتووە دەرسێکی مەزنە بۆ هەموو ئەو دیکتاتۆرانەی کە توند وتیژی بەرامبەر بە میللەتەکەیان بەکار دێنن. پێویستە کورد دۆزی ئەنفال و کەیسی ئەم دادگاییە بۆ مەبەستی سیاسی بەکار بێنێ لەبەردەم ڕای گشتی جیهانیدا. پێشتر هەرچی لە جیهاندا ڕوویبدایە کەس پێی نەئەزانی بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە هیچ شتێک ناشاردرێتەوە، بۆیە ئەبێ ئێمە سوود لەم هەل و مەرجە وەرگرین . پاشان نابێ سەدامی دیکتاتۆر هیچ حوکمێ بدرێ پێش دادگاییکردنەکەی لە سەر دۆزی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە ئەوە پێشێلکارییەکی تری مافی کوردە و بەکارهێنانی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەیە بەرامبەر بە میللەتی کورد و ئەبێ لەکوردستان لە هەڵەبجە دادگایی بکرێ.



**دڵشاد هەڵەبجەیی ( هونەرمەند ):**

**زۆرم پێ خۆش بوو کە شایەدەکان بە جلی کوردییەوە چوونە هۆڵی دادگاوە**

**دڵشاد هەڵەبجەیی ( هونەرمەند )**

من هەموو کەس وکارم لە هەڵەبجە شەهید بوون، ئەمڕۆ زۆر ئاسوودەم، زۆر خۆشحاڵم کە کورد بەبەرچاوی میدیاکانی جیهانەوە سەدامی خوێن مژو عەلی کیمیایی و ئەوانی کە دەستیان بە خوێنی کورد سوورە کێشایە بەر دادگا و لەبەر ئەنفال و جینۆسایدی کوردان دادگایی ئەکرێن، زۆرم پێخۆش بوو کە شایەدەکان بە جلی کوردییەوە چوونە هۆڵی دادگاوە . ئەنفال تاوانێکی زۆر گەورە بوو دژ بە کورد دژ بە میللەتێک کە مێژوویەکی دێرینی پڕ لە خەباتی هەیە . کورد ئەبێ دەرس لەو ڕووداوانە وەرگرێ بە تایبەتی کەیسی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ بەدیهێنانی خەونە دێرینەکەی لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەر وەک مافێکی ئاسایی هەموو میللەتێکی تری جیهان.